# له یادی سەڵوەگەری کۆمەڵکوژیەکەی 16گوڵان 1997

## بە دەستی بنەماڵەی بارزانی و میتی تورک ئەنجام دراو

## بووە هۆی شەهید بوونی نزیکەی 60 شۆڕشگێری کورد و کوردستان.!!!

ئارام_بانەیی

ئەوەی سەرچاوەی ڕاستی بێت، ژیانی بێت تێپەڕکرابێت مێژوی خۆی هەیە لە بیرناکرێت لە دیرۆکی ئەو گەلە دەنووسرێتەوە ڕاستەکانیش درەنگ یان زوو ئاشکرا دەبن بۆ گەل و گەل بڕیاری خۆی لە سەر دەدات، هەرچەند لە کاتی ئەو ڕووداوە زۆر ڕاستی لە ژێر دەمامکی ژاهراوی خۆی حەشاردابێت، بەڵام ڕۆژێک دادێت، کە ڕاستیەکانی کە خۆیان لە ژێر ئەو دەمامکە حەشارداوە، بە دەربکەوون، بۆ ئەوەش تەنها ڕاستیەکی بە ئەخلاق و بە وویژدان بۆ هەرکەس و دەزگاو دەوڵەتێک گرنگە، کە وەک ڕاستینەی خۆی هەنگاو بنێت، لە ژێر چ ناوێک دەبێت.!!

بۆیە نووسینەوەی ئەم ڕووداوە، ئەرکێکە لە هەمان کاتیش بە بیر هێنانەوەی  تەنها ئامانجێکە کە ڕاستینەی ژیانی شۆڕشگێری خیانەت کلکایەتی کرێگیراوی باش بناسین؛ هەرچەندە لە مێژووی باشوور کوردستان لە سەردەستی هەردوو دەسەلاتی پارتی و یەکێتی ئەمە سەرەتایەکی نۆیَ نەبوو؛ بەڵکو لە ژێر دەمامکە کانی نەتەو_سیاسەت بەرژەوەندی گەل.! بە هەزاران کەس بوونەتە قوربانی؛ بیَ ئەوەی ئەم چەمک و ڕێبازە خزمەتی بە ستاتۆی سیاسی کورد کرد بێت؛ بەڵکو بە پیَچەوانەوە، ڕێگای لە بەردەم زۆر چەمک و بیرۆکەی تراژدیای و ترسناک کردەوە و، ڕیگەی لە گەشتین بە هێڵی نەتەوەی کوردی گرت؛ یان ڕۆلێکی نەگەتیفی گەورەی گێڕا؛ زۆر کارەساتی سیاسی و کۆمەلایەتی، ئەخلاقی، مەعنەوی نەتەوەی لیَکەوتەوە، بەڕادەیەکی هەربەرچاو، بە هیَز کردنی سیاسەتی شۆڕشی چاوەشە بوو، کە ئەم هیَلَ و چەمکە، بۆ لاواز کردنی ڕۆحی شۆڕشگێری لە سەر بنەماکانی ئایدۆلۆژی یان نەتەوەی، ڕەنگ دانەوەیەکی زۆر ترسناکی خولقاندن بە تایبەت لە باشووری کوردستان و ڕۆژهەلاتی کوردستان، تا ڕادەیەکی کەمیش لە سەر پارچەکانی تر کاریگەری هەبوو، یان بلیَن ڕۆلیَکی گەورەو بۆگەنی گێڕا لە بوارەکانی هەستی نەتەوەی و شۆڕشگێری، کە تاکە سەرچاوەیە بۆ بەدەست هیَنانی مافی ڕەوای گەلی کورد گەشتین بە ئاستی ئازادی ئەم هیَلە بوو؛. بۆ ئەنجام دانی کاری خیانەت و کۆمەلَ کوژی هەرەشە کردن کردن لە هیَزی گەل زۆر سەرچاوە هەیە، کە باسیان بکەین.!
چۆن ڕق و قینی بۆگەنی دوژمنیان بە سەر گەلەوە بە شێوەی توند و تیژی  بە کار هێناوە؛ لە کاتێک گەلی کوردستان چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد باشووری کوردستان ببێتە شوێنگەی پیَکەوە هیَنانی ئاستی نەتەوەی بێتە بنگەیەکی شۆڕش گێری بۆ هەموو پارچەکانی تری کوردستان؛ بەلاَم سەد مخابن هیوای گەل بە دەستی خیانەت کاران و دەستەلاتی پارتی و یەکێتی بووە قوربانی دەست خۆشیەکانی، ئەنکەرە، بەغداد، تەهران، بۆ ئەوەی لە لایەنی ئەمانەوە هەندیَک پارە و چەک بە دەست بهیَنن بۆ شەڕی ناوخۆی کە یەکێتی و پارتی بۆ ئەمەش کارتی سیاسی و سەرمایە بە دەست خستن ڕۆلەکانی

کوردی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باکوری کوردستان و باشووریش بوو، لە ژێر ناوی حوکمەتەکەمان ساوایە؛ دەبوونە قوربانی دەستی جەلادەکانی ((ی.ن.ک و پ.د.ک)) یان تیرۆر دەکران یان تەسلیم بە دەوڵەتانی دوژمنیان دەکرد؛ جەلاد و جاشەکان کە لە بەرەی پێشەوەی ئەم دەسەڵاتانە بوون و، دانەبڕان لە کرێگرتەی و جاشەیەتی خۆیان، زۆری وەک کوڕەکەی بارزانی بە ناوی تەحسین شاوەیس عومەرە بچکۆل و زۆر ئەمن ئیستخباراتەکانی ناو یەکێتیش هیچیان لە مان کەمتر نەبووە؛ کە تۆڵەی دەسەڵاتی سەدامی باوکیان، بێناز کەوت لە گەل و ڕۆڵەکانی بکەنەوە، پێوویست بوو تۆڵەی خۆیان لە لاوانی کورد پەروەر بکەنەوە، دڵسۆزی خۆیان بۆ سەرکردەکانیان نیشان بدەن و باڵی قارەمانیەتی و شەهوەت بازی خۆیان لە گەل ڕافسکێنن؛ ئەم لاوانەی پارچەکانی تر کەهاتبوون لە پێناوی ئازادی کوردستان گیانی خۆیان ببەخشن؛ بەڵام سەد مخابن گیانی و ڕۆحی پیرۆزی ئەم لاوانە لە سەر شەقامەکانی سلێمانی و هەولێر و هەموو ناوچەکانی تر، بە دەستی دارودەستە تایبەتەکەی بنامەڵەی بارزانی و تاڵەبانی ئەنجام دەدران، یان ڕادەست کردنەوەی سەدان پێشمەرگەی ((حزبی دیموکراتی و کۆمەڵە و پارتی کرێکارانی کوردستاحزبەکانی تر....چەندان کەسی بێتاوانی تریش)) بە دەستی هێزەکانی ((ی.ن.ک و پ.د.ک)) تەسلیم بە دەوڵەتی ئێران و تورکیا کران و پارەکەی دەدرا بە چەک و تەقەمەنی بۆ لە ناو بردنی گەلی باشوور و ڕۆڵەکانی؛ یان کۆمەلکوژیەکەی خەلکی شاری سلێمانی لە 13 حوزەیرانی 1994 لە لایەن کۆنە جاش و ئیستخباراتەکانی، بە ناو ئاسیشی یەکێتی نەبوو.؟ کە خوێنی دەیان کەس لە شەقامی کاوەی ئاسنگەر شاری سلێمانی ڕژێنرا، لێرەشەوە پەیامی دیموکراتیان بە گەلدا؛ ئەگەر بکەونە سەر شەقامەکان بۆ نارەزای ئەوە چارەنووسی ئێوە ئەوەیە، هەرچەند ئەگەر لێرە لایەنی پارتی لە پشت ئەمەوە هەبێت، بەڵام ئەوەی کەوتە سەرشەقامەکان، گەلی بێچەک بوون، نەک پێشمەرگەی پارتی بوون، با ئایدۆلۆژی بیرو بۆچونیان نزیکی پارتی بێت، بەڵام ئەم کارە هیچ جیاوازی نییە لە نێوانی بەعسەیەکانی سەدام و هەم بەعسیەکانی تاڵەبانی و بارزانیش، ئەوەی پەردەمی تاریکای بە سەر بیری ئازادیدا؛ کێشا سەدام نەبوو؛ بەلکو، بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی بوون، ئەوەی شیری جاشەیەتی بۆ یەکەم جار خوارد؛ گەل نەبوو؛ بەلکو تاڵەبانی و بنەماڵەی بارزانی بوون؛ ئەوەی تۆو هێڵی خیانەت کۆمەلکوژی و ڕادەست کردنەوەی لاوانی بە دەوڵاتانی دوژمنی ئەم گەلەهەژارەی بۆ ئاغاکانیان چاند؛ هەر ئەمانە بوون؛ بە دەمامکی نەتەوە و سیاسەت، تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان بەردەوام دەکەن؛ ڕاسترین خاڵێش دوای دڵسۆزی گەل، کە بە یەک دەنگ لە بۆ هەڵبژاردنەکان هەنگاویان نا، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ کە دەیبیستین و دەی بینن، شەری پارەو کورسیەکانی یەکێتی و پارتییە، ئەوەی سوکایەتی کردن بە گەل؛ بە خوێنی شەهیدان بە ڕۆحی پیرۆزی ئەو گەلەیە، بەڵام ئەگر بپرسین ئەوە چییە؟ دەڵێن سیاسەتە؟ یان پارتی یەکێتی تاوانبار دەکات یان پێچەوانەکەی؟! ئێوە لە سەر خوێنی ئەو گەلە بوونە سەرکردە، هەموو شتی خۆی بە ئێوە بەخشی کە خزمەت بکەن، بەڵام ئەوەش وەڵامی ئێوەیە بۆگەل؛! کێ دەتوانێت ئەو ڕاستیانە نەبینێت، کێ چاوی لە بەردەم ڕاستیەکان کوێربێت، تەنها کەسانی ئەڵقە لە گوێن؛ کە پێشتر یان وەک تەحسین شاوەیس و قالە فەرەج و کەمال پشتەدەری و ئاسۆی قومری

بوون؛ یان ئەو کەسانەکێن؛ خۆئەو کەسە دلسۆزانە نین کە بە ساڵانێک پێشمەرگە و دەربەدەربوون لە خزمەتی ئەو گەلە کە ئێستاش هەر ئەوان لە هەموو شتێک بێبەشن!!!

بۆ بەدەست هێنانی پارە و سەرمایەی زیاتر بنەماڵەی بارزانی لە ڕۆژی 16 گوڵان 1997 لە شاری قەڵاو منارە و لە ناوجەرگەی شاری دێرینی هۆلاکۆ بەزێن؛ دەستی خیانەت بە خوێنی کۆمەڵێک لاوای شۆڕشگێڕی گەریلای نەتەوەکەمان سووربوو، کە بۆ ئازادی سەربەخۆی بە ساڵانێک بوون لە سەر چیا سەرکەشەکانی کوردستان لە بەرامبەر بە دوژمنی داگیرکەر دەجەگەین و، ئەم کۆمەڵە لاوە شۆڕشیگێرە، کە تەمەنیان سەرەتی لاوێتییان بوو، هەریەک لە مانەش لە بەرامبەر بە دوژمن پارچەیەک لە گیانی خۆیان کردبووە قوربانی، بریندار بوون، کە دەست و قاچ و چاو پارچەیەک لە ئەندامانی لەشیان لە دەست دابوو، لە پێناوی ئازادی؛ بەشێک لەم هەڤاڵانە کچە قارەمان و جوانەکان بوو کە بۆ ئازادی ملی ڕێگەیان گرتبووە بەر؛ بەڵام لە کاتێک کەم ئەم کۆمەڵە لاوا شۆڕشگێڕە هاتبوون بۆ چارەسەری برینەکانی خۆیان تا جارێکی تر ئاشنا بنەوە بە چیا سەرکەشانی کوردستان؛ پەرە بە ڕێبازی تێکۆشانی ئازادی خۆیان بدەن، بەڵام لەم کاتە بوو شەمشە کوێرە کانی بنەماڵەی بارزانی لە بەرە بەیانی لە  ناو شاری شیرین و قەڵا؛ لە بری هاوکاری بۆ چارەسەری زامەکانیان؛ لە بری هاوخەمی بۆ کێشەی پارچەیەکی تری نیشتمانمان کوردستان؛ لە بری دەست گرتنیان بۆ ئەوەی ڕۆحی نەتەوەی بچێنن؛ یان هیچ نەبێت وەک مرۆڤ ئاوڕێک لە برینی کۆمەلێک لاوی خوێن گەرم بۆ ئازادی و مرۆڤایەتی گیانی خۆیان دەکەن قوربانی هاوکاریان بکەن؛ سەد مخابن دارودەستەی بنەماڵەی بارزانی و بەرەی تورکمانی و دەستەی میت تورکیا، کە بەشێوەیەکی نهێنی و لە ناو دەزگاکانی پارتی شوێنی خۆیان دەگرت هێرشیان بردە سەریان، زۆر دوور لە ڕۆحی نەتەوەی مرۆڤایەتی؛ لە 16 گوڵان، شاقەمەکانی هەولێر بە خوێنی ئەم لاوانەی کورد سوربوو، جەستەی بریندار کە هات بوون خۆیان تیماربکەن، لە ناوجەرگەی هەولێر مێژووی خیانەت دڕندایەتی دژ بە کۆمەڵێک لاوای کورد کە بێچەک بوون و لە ناو بارەگا و خەستەخانە هێرشی ڕەش کۆمەڵکوژی بە چەکی قورس هێرش کرایە سەریان و سەر بارەگا و خەستەخانە و بووە هۆی شەهید بوونی نزیکەی 60 گەریلای پارتی کرێکارانی کوردستان و بێسەرو شوێن کردنی دەیانیان کە تا ئێستاش لە ئەمنە سورەکە و خاسەی کەرکوکی دەزگای پاراستنی پارتی بێ چارەنووسن و لە هەمان کاتیش ئەو کچە و کوڕە عەگیدانە بێ ئەوەی لە مردن بترسن تەسلیم بە هێڵی خیانەت بن، ڕۆحی نەتەوەی یەک پارچەی کوردستانیان بە خوێنی خۆیان پتەو کرد و لە ناو شاری هەولێر ڕاسینەی شۆڕشگێڕی و بەرخودانیان خولڤاند و، تەسلیم بە خیانەت و جاشایەتی نەبوون، تا دوا هەناسەی ژیانیان لە سەر ئازادی و ڕۆحی نەتەوەی بەرخودانیان کرد، وەڵامێک بوو، بۆ 31ئاب 1996 کە چۆن تانکەکانی عێراق بە شەقامەکانی هەولێر دەگەڕا بە سەرکەوتنی مێژووی لە دیرۆکی پارتی بە سیمبولکرا؛ هەرچەندە شەڕی 31ئاب لە ململانێیەکی هەردوو پارتەکە بوو، لە گۆڕەپانی شەڕ خیانەت بە شەهیدان و کوردستان کرا؛ جارێکی تر هێزی بەعسیان بە شاری هەولێرو کوردستان ناساند و بە خۆشی و سەرفرازیەو سەرکەووتنەوە لە لایەن بنەماڵەی بارزانی بە شان باڵی هەڵدرا، بەڵام ڕۆحی شەهیدانی

16 گوڵان سەرکەوتن و بەرخودانێکی ڕۆحی بوو، کە هەتا دوا هەناسە لە سەنگەری بەرگریدا لە سەر هێڵی نەتەوەی و کوردستانی بوون، پەرەی سەند و بیٚ ئەوەی خۆیان تەسلیم بکەن بەڵکو خوێنی ئەوان هەرەسی بە هێزی خیانەت هێنا! شەهیدانی هەولێر بوویٚری و ڕاستی شۆرشگێری بۆ خەڵکی هەولێرو هەم بۆ بنەماڵەی بارزانیشی سەلماند، کە مرۆڤی ئازاد بە ئازادی دەژی و دەمرێت و هیچ کات تەسلیم بە بیرۆکەی ژیانی ڕیسوای و بێشەرەفی نادات کە دەیان خواست بە سەر ئازادیدا بی چەسپێنن.!!

## نەفرەت لە خیانەت نۆکەرایەتی جاشەیەتی

## سلاو لە گیانی پیرۆزی شەهیدانی هەولێر و کوردستان